# ئایا بونی جەلال تاڵەبانی بەسەرۆك كۆماری عێراق

# دەسكەوتە بۆ خەڵكی كوردستان؟

عبدالله مەحمود
abdulla_m64@hotmail.com

6ی ئەم مانگە پەرلەمانی عێراق!!بە پیّ ی  بریاری لە پێشتری ئیتفاقیەی نێوان لایەنەكانی پێكهێنەری ئەوپەرلەمانە، جەلال تاڵەبانی وەكو سەرۆك كۆماری عێراق دیاریكرد.

دەزگا ڕاگەیاندنەكانی ناوخۆودەرەوە مەراسیمی سپاردنی ئەم پۆستەی بە جەلال تاڵەبانی گواستەوە، هاوكات لەزۆرێك لەشارەكانی كوردستان شایی ولۆغان وەرێخرا، نوسەرو قەڵەمە مۆڵەتپێدراوەكانو مۆچە بۆبڕاوەكان كەوتنە خۆو هەریەكە لەگۆشەیەكەوە لەستایشی سەرۆكی تازەی عێراقدا قەڵەمەكانیان خستەگەر، ژیاننامەی سیاسی تاڵەبانی، تایبەتمەندیەكانی، بەوجۆرەی كەبزوتنەوەی كوردایەتی پێویستیەتی ئارایشدرایەوە، كارنامەی بزوتنەوەی كوردایەیو شەخسی تاڵەبانی خاڵی لەهەر چەشنە كەموكوڕیەك، لەهەرچەشنە سات وسەوداوخۆشخزمەتیەك، لەهەرگەردوتۆزیك، وەكو فلیمێكی مونتاژكراوی تازە خرایە بەردەم كۆمەڵگای عێراق و كوردستان و ناوچەكە. كەهیچی لە پێشوو ناچێت. نوسەرو ڕۆشنبیرانی سەر بەبزوتنەوەی كوردایەتیش"حزبی و غەیرە حزبی" دەیانەوێ ئەمە بەوێنەی سەركەوتنی خەڵكی كوردستان بقەبڵێنن.

ئێستا ئەگەر لەوە بگوزەرێین كە جەلال تاڵەبانی لەكام فەزاو دوخی سیاسی دا، لەكام مامەڵە و سات وسەودادا، لەچ سیناریۆیەكدا، كراوە بەسەرۆكی عێراق، جێگای خۆیەتی وەڵام بەوپرسیارە بدەینەوە كە ئایا بونی جەلال تاڵەبانی بەسەرۆكی عێراق سەركەوتنی خەڵكی كوردستانە؟ یان بوونی كەسێكی بەرەگەز كورد بەمانای كۆتاییهێنانە بە زوڵمی نەتەوایەتی  و بەمانای بەهرەمەندبونی خەڵكی كوردستانە لە مافە فەردی ومەدەنیەكانیاندا؟

واقعیەت ئەوەیە كەبوونی جەلال تاڵەبانی بەسەرۆك كۆماری عێراق نەپەیوەندی هەیە بە چارەسەری كێشەی سیاسی خەڵكی كوردستان و نەبەمانای دەستەبەربوونی مافە فەردی ومەدەنیەكانی خەڵكی كوردستانە، ئاخر جەلال تاڵەبانی و حزبەكەی لانی كەم 14 ساڵە لەكوردستان دەسەلات بەدەستن، چ لەماوەی 14 ساڵەی دەسەلاتیانداو چ لە رابردوی بەر لەدەسەلات پێرانیشیاندا، نە كۆتاییهێنان بەستەمی نەتەوایەتی سەرخەڵكی كوردستان لەهەگبەی بزوتنەوەكەیدا"بزوتنەوەی كوردایەتی" مانای بووەو، نەبەرەسمی ناسینی مافەفەردی ومەدەنیەكان جێگایەكی لە دیدگاو ئاسۆی ئەم بزوتنەوەیەدا داگیركردووە.

تائەوجێگایەی بە چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی سەرخەڵكی كوردستان دەگەرێتەوە سەرجەم بزوتنەوەی كوردایەتی، لەجێگای بزوتنەوەی رزگاری خەڵكی كوردستان بزوتنەوەی وەرگرتنی بەش بووە لە دەوڵەتە مەركەزیەكان، بزوتنەوەیەك بووە بۆ هاوبەشی كردن لەدەسەلاتی مەركەزیدا، هەموو مێژووی رابردوی ئەم بزوتنەوەیە لە پێناو ئەم ئاسۆ ئامانجەدا لە چوارچیوەی (شەر، مفاوەزات,دوبارە شەر و مفاوەزات )دا، خولاوەتەوە.

بزوتنەوەی كوردایەتی كەتاڵەبانی یەكێك لە شەخسیەتەكان و یەكێك لە رابەرانی حزبە ناسراوەكەی بووە لەكوردستاندا، بۆ ئەم بەش پێبڕانە لەدەسەڵاتی مەركەزیدا، دەستی بەهەموو پەتە ڕزیوەكانەوە گرتووە، لەدەرگای هەموو رژێمە سەركوتگەرەكانی كوردستان و ناوچەكەو دنیای داوە، فەرشی سوری بۆ كۆنەپەرستانی تایفەو عەشیرەتەكان راخستوەو تەشریفاتی بۆنواندون، سەرانی یەك لەدوای یەكی هەموو رژێم و سیستەمی سەركوتكەرانەی هەموو ئەو دەوڵەتانەی دژ بەخواستی خەڵكی كوردستان بون و سەركوت و جینۆسایدیان كردووە، بە دۆست و هاوپەیمانی خەڵكی كورد ناساندووە، ئەمە شا و ئیمامی ئیران، ئەمە ئۆزال و تاتچەرو ئەردوغان، ئەمە حافزئەسەدو بەشاری كور، كام لەوانە هەیە لە دەمی تاڵەبانی و بەشێوەی رەسمی بەدۆستی كورد و خەڵكی كوردستان لە لایەن تاڵەبانیەوە نەناسێنرابێتن، پێش لەشكری كام لەو وولاتانەی بۆ سەرخەڵكی كوردستان، پیشوازی  لیّ نەكردووە؟ لەخۆشخزمەتیدا بەم دەوڵەتە كۆنەپەرستانەی دژ بە خەڵكی كوردستان جەنگیوون، كەی كورتی هێناوە؟ وەلەكوێ جەلال تالەبانی و بزوتنەوەكەی بۆیەك جار باسی كۆتاییهێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و پێكهێنانی وولاتی سەربەخۆیان، بەدەمدا هاتووە؟ هەرگیز وهەرگیز..

ئەمە هەرگیز بەرنامەیان نەبووە و نی یە، چونی تاڵەبانی بۆ ئەم دەورەیەی سەروکۆماری عێراقیش نەك هەر پەیوەندی بەچارەسەری خەڵکی کوردستانەوە نیە، بەڵکو راستەوخۆ بەشێکە لەوپیلانەی عێراقی عەرەبی و ئیسلامی داهاتوو کە دەیانەوێ لەرێگای پێکهنانەوەی عێراق و دەوڵەت و حکومەتدا بۆشایی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری کۆمەڵگای عێراقی پێ پربکەنەوەو پرۆژەی ناکام ماوەی ئەمریکا لە چاوی رای گشتی دنیا بشارنەوە،و ببنە میراتگری هەمان سیستەمی پێشوی بەعس بە ئیسلامیەکی تۆخترەوە.

خۆگرێدانی ناسیونالیزمی کورد بەسیاسەت ونەخشەکانی ئەمریکاو چونی بۆناو تەحالوفات لەگەڵ هێزە قەومی دینی وتایفە کۆنەپەرستەکانی چەشنی خۆیان دژی ئازادی، ورێکەوتنی پارتی ویەکیتی بۆ یەکدەنگی!! و سەرئەنجام رێکەوتن لەسەر شێوە بەشی دەسەڵات لە سەرئاستی عێراقوکوردستانو کاندیدکردنی تاڵەبانی لەلایەن"لستی هاوپەیمانی کوردستانەوە" یانی لە لایەن یەکێتی و پارتی و حزبە گۆێرایەڵەکانی دەوروپشتیانەوە، وەکو نوێنەری کورد!! بۆ سەرۆك کۆمار و مەسعود بارزانیش وەکو سەرۆکی هەرێم و گیان بەبەپەرلەمانی مردودا کردنەوەیان،... لە لایەکەوە بەشێکە لە پرۆژەی ناسیونالیزمی کورد بۆ ئامانجە قەدیمی و ناسراوەکەیان بۆ بەشدار بوون لەدەسەڵاتی ناوەندیدا، لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەی قەڵەمرەوی دەسەڵاتی داسەپاوی 14 ساڵی رابردویان بەسەرخەڵکی کوردستاندا درێژ پێبدەن.

تائەو جێگایەش باسی مافە فەردی مەدەنیەکان و ئازادیەکانە بۆ خەڵکی کوردستان، هیچ لەوە رۆشنتر نیە، ئەمان و ئەم مافە فەردی ومەدەنیانەی خەڵك لەگەڵ یەك لەناکۆکیەکی هەمیشەییدان، 14 ساڵە باسی ئازادی وماڤی مرۆڤ، لەریاکاریەك زیاتر هیچی تر نەبووە، ئازادی رەخنەگرتن لە لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتوری و ئەخلاقی و ئایدۆلۆژی یەکان، لەحزبی حاکم و دەسەڵات بەدەست، لە بەرپرس و تاڵانچیەکانیان، لەهەڵوێست وکردەوەیان، لە ژێر ناوی پاراستنی مقەدەساتی میللی ونەتەوەیی، نیشتیمانی و دینی، تەلەبەندکراوە. ئاگاداربوون لە حەقیقەتی هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری یاساغ بووە، ئازادی دینداری و بێدینی جێگای نەبووە لە یاسادا، پشکنینی بیروباوەر دەزگای بۆ سازدراوە، تەزکیەی حزبی بۆ نان پەیداکردن کراوەتە مەرج، تەنانەت ئازادی جل وبەرگ پۆشین بێ رێگری نەبووە، مانگرتن و خۆپیشاندان زوربەی کات بە چەك و سەرکوت وەڵامدراوەتەوەو بەتابوری پێنجەم وبەرگری لەبەعس ...ناوزەدکراوە، پێکهێنانی ئەحزاب و رێکخراوەی جەماوەری مەرجی ئەوەی بۆ دانراوە کە دەبێ بەرژەوندی باڵای هەرێم بەرەسمی بناسێ، واتە بەدەسەڵات ناکۆك نەبێتولەخزمەتیدا بێت، وبەمە رێگە لەهەڵسورانی حزب و رێکخراوەی جەماوەری مخالیف بەدەسەڵات گیراوە، ......سەرکوتی سیاسیو کۆنەپەرستی بەپێی توانایيەك کە بویانە دەستیان لێ نەپارستووە، مخالفینی سیاسی خۆیانیان ڕفاندووە، کوشتووە. بەهەزاران ژن لە ژێرناوی پاراستنی شەرەف و ناموسدا قەسابی کراون، و بەهەزارانیشیان لە بێئومیدادا دەستیان چۆتە جەستەی خۆیان و خۆیان سوتاندووە، بەسەدان ئینسانی ئۆپۆزیسیونی وولاتانی ناوچەکە تیرۆرکراوان، هەرچی هیواو ئاواتی لاوان هەیە خنکێنراوە، جگە لەوەی کە بە لێشاو ناچاربوون کوردستانی ئازاد!! جێبهێڵن، یاساکانی بەعس لە دادگاکان، لە یاسای سزادانی کەسێتیدا، لە یاسای عقوباتدا...وەکو خۆیان هێڵراونەتەوە، لە سەر باسی یەکسانی نێوان ژن وپیاو، ریفراندۆم و جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئێمە کۆمۆنیستەکانی کوردستان درایندە داداگاو پاشان هاورییانمان قەسابی کران و وەکو بەعسیش رێگەی پرسەو بەخاکسپاردنیان پێ نەدرا، پەروەردەو خوێندن هەمان سیستەم و پەروەردەی خوێندنی پێشووە و گۆرانێکی جدی بەسەردا نەهێنراوە، لێدان لەمنالان و ترساندنیان تائێستا لە قوتابخانەکان بەرێوە ئەچێت،......تاد. بەم شێوەیە هەموو رۆژو سات وکاتێك ئەحزابی کوردی دەسەڵاتدار لەسەنگەری دژی ئازادی و مافە فەردی ومەدەنیەکانی خەڵکی کوردستاندا بوون. جەلال تاڵەبانی یان بەواتایەکی تر نوێنەری بزوتنەوەی کوردایەتی لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی خۆیاندا ئازادیان بەم شێوەیە پەیرەو کردبێت، کێ دەتوانێ بەوە باوەربکات کەئەمجارە لە بەغداوەو لە ناو هەگبەی دەوڵەتی قەومی و ئیسلامی و حکومەتی تەوافقدا، ئازادی بکرێتە دیاری؟ و لەجاران زیاتر پەل بەست نەکرێ؟

لەکۆتاییدا ماوە بڵێم، ئەوەی ئەلف و بێ ی سیاسەت بزانێت ئەو ڕاستیەش ئەزانێت کە ئەوە یاساو دەستوروسیستەمی ووڵاتە سیاسەت ونەخشە ئاراستە ئەکات نەك سەرۆك، ئەوەی پێ ی وایە دەوڵەتێك لەسەر بناغەی ئینتمای میللی و دینی و تایفی دابمەزرێتو قەوارەی پێبدرێت، دەتوانێ خەڵکی لەهەڵاواردنی قەومی و دینی و پێشلکردنی مافەفەردی ومەدەنیەکان رزگار بکات، بەگەمژەیی فۆرمۆلبەندیەکی نوێ دەخاتە سەر کوانوی زوڵم و بێماڤی داهاتوو.

بەو رونکردنەوە زۆر سادانە وەرگرتنی پۆستی سەروك کۆماری لە لایەن تاڵەبانیەوە نەك بەمانای وەدیهێنانی خواستەکانی خەڵکی کوردستان نیەو لە قازانجیان نیە، بەڵکو بەتەواوەتی لەدژی خواستەکانی خەڵکی کوردستانە، کاری خەڵکی کوردستان بۆ رزگاری قورستر ئەکات، ئەمجارە لەجێگای هێزی دەوڵەتی مەرکەزی قارەمانەکانی دەسەڵاتی میلیشیایی کورد دەست ئاوەڵادەکرێن بۆ سەرکوتی خواستی ڕزگاری خەڵکی کوردستان. ئەمجارە تاڵەبانی یان هەرکەسێکی تر لە جێگەی ئەو بێت، دەبێت لە ژێر ناوی سەروەری نیشتمانی عێراقو پاراستنی

یەکپارچەیەکەیدا شەڕی خەڵکی کوردستان بکات، چونکە ئەمە پێکهاتەی حکومەتو دەوڵەتەکە دەیسەپێنی نەک ئەفراد. ئەوە بەجیا لەوەی تاڵەبانی هەرگیز ناتوانێ دیموکراتخواز بێت. تەجروبەی 14 ساڵی دەسەڵاتی بەکردەوەی شاهیدە، کە کەس دەستی نەگرتبوو ئەلگۆیەکی باش بەدەستەوە بگریت، بۆیە پێویستی بەبەڵگە هینانەوە نیە.

خەڵکی کوردستان نابێت بەهیچ جۆرێك فریوی ئەژدیها هەزارسەرەکەی ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی کوردایەتی بخۆن، سەرمەست بکرێن بەوەی کەدانی پۆستی سەرۆك کۆماری بە رەگەزی کورد بەمانای رزگاریانە، مێژووی دەوڵەتی عێراق بەدرێژایی تەمەنی خۆی خەڵکی بەرەگەز کوردی چ بەژمارەو چ لە پۆستی حەساسدا جێکردۆتەوە، بەڵام ئەمانە نوێنەری سیاسەتی ڕەسمی ودەستورو جێ بەجێکردنی نیزام بوون، تاڵەبانیش ئەو ئەرکەی لەسەر شانە.

خەڵکی کوردستان لە جێگای دڵخۆشکردن بەوەی تاڵەبانی پۆستی سەرۆك کۆماری پێبڕاوە، دەبێ لەدەوری سیاسەتێك کۆببنەوە کەڕزگاریان دەکات لەدەسەلاتی دەوڵەتێکی قەومی عەرەبی و ئیسلامی، ئەویش کۆبونەوەیە لەدەوری خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆم و جیاکردنەوەی کوردستان لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکولار.

4-7